# ئیسلامی سیاسی ئامانجیان گەشتن بە دەستەڵاتە
# نەک خزمەت بە ئاینی ئیسلام و کۆمەڵگا

عەبدول قەرەگۆلی
abdull_qeregoli@yahoo.se



ئەوەی کە هاندەری من بوو بۆ نووسسینی ئەم وتارە،ئەویش ڕوی ڕاستەقینەی ئەم بزاوتەیە کە لە دوای کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم سەریان هەڵدا، با بزانین ئەم کۆمەڵە بەڕاست ئامانجیان خزمەت کردن و سەرخستنی ئاینی ئیسلامە، یان دەیانەوێت ئاینی ئیسلام بکەن بە وەسیلەیەک بۆ گەشتن بە دەستەڵات،هەوڵی تیرۆر کردنی (جەمال عەبدول ناسر)و پاشان تیرۆر کردنی سەرۆکی ئیمانداری میسر (ئەنوەر ئەلسادات)کە بە پلانی میانڕەوترین ڕێکخراوی ئیسلامی سیاسی ( ئیخوان ئەلموسلیمون)تیرۆرکرا، لە سەرەتا و پێش چونە ناو بابەتەکە، با بزانین (حەسەن ئەلبنا) دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوە لە کۆنگرەی پێنجی ساڵێ (1939)دا چۆن تاریف بۆ جیهاد دەکات،

یەکەم – (برایانی موسوڵمان،پێشینانتان توانیویانە بەهۆی جیهادەوە ئەم ئاینە سەربخەن ،ئەوان لەسەر بنەمای باوەڕ بە خوداو دورکەوتنەوە لەخۆشی ژیانوو باشتر زانینی ئەو دونیا بە خوێن و بەگیان بەماڵ و دارایی ،لە پێناو سەرخستنی حەقوو خۆش ویستنی مەرگوو لە پێناو خودادا قوربانیان دا)

دووەم – (هەموو میلەتێکی هۆشیار پێویستی بە هێز هەیە و پێویستە ڕۆڵەکانی بەگیانی سەربازی پەروەردە بکات بەتایبەتی لەم کاتەدا کە ئاشتی بەبێ جەنگ بەدەست نایەو ئەم ڕەوشەیش بۆتە دروشمی سەربازی هەمووان تەنها بەهێز حەقت دەزگیر دەبێ،ئیسلامیش ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە بەڵکوو لەگەڵ نوێژ و ڕۆژودا بەیەکێک لە ئەرکە ئاینیەکانی داناوە)

سێ هەم – (برایان هەرنەتەوەیەک نەیتووانی مەرگ بچێنێ و نەزانێ چۆن چۆنی بە شەرەفەوە دەمرێ و چۆن خودا لەودونیا پاداشتی دەداتەوە نەتەوە نیە ،ئەوەی ئێمەی زەلیل و بێدەسەڵات کردووە ئەوەیە ژیانمان زۆر خۆش دەوێ و ڕقمان لە مردنە ،خۆتان بۆ کارێکی مەزن ئامادە بکەن و بەپیر مەرگەوە بچن تا ژیانتان پێ ببەخشێت ئێوە بزانن مردن شتێکە لەسەر ڕێگای هەمووانە و یەک جارە  ئەگەر لەپێناو خودادا مردن ئەوا دونیا دەبەنەوە و پاداشتی قیامەتیشتان پێدەبڕێ با ئیشوکارتان لە پیناو مردنێکدابێ تا هەتا هەتایە بەختەوەرتان بکات خودا پایەی شەهادەت بە ئێمەش وئێوەش ببەخشێت)

چوارەم – (مرۆڤی مووجاهید دەتوانێ بەیەک هەنگاو لەم دونیا پڕوپوچە بگوێزێتەوە بۆ ژیانیکی هەمیشەیی وەک خواوەند گفتی داوەتێ لە بەهەشتی بەریندا دەیژێنێ)

پێنجەم – (دژی هەر حزب و سەرکردەیەکبن ئەگەر بۆ سەرخستنی ئیسلام ودامەزراندنی دەستەڵاتی ئیسلام و سەروەری ئیسلام تێنەکۆشێت،چونکە ،ئاین دەوڵەتە،قورئان و شمشێرە)

حەسەن ئەلبنا کە لەدوای هەڵوەشاندنەوەی دواین خەلافەتی ئیسلامی، ئەویش خەلافەتی عوسمانییە بە داڕێژەرو دروست کەرەوەی بیری ئیسلامی سیاسی دەناسرێت، کە لە ساڵی (1928)دا ئیخوانی دامەزراند،

لە کاتێکدا هێزە نیشتیمانیەکانی میسر بزوتنەوەیەکی جەماوەریان پیک هینابوو بۆ دەرپەڕاندنی سوپای ئینگلیز لە وڵاتەکەیاندا،لە بەرەیەکی دژ بە داگیرکەر ڕاوەستابوون،ئیخوانەکانی میسر ڕاگەیاندنیان بڵاوکردەوە تێیدا دەڵێن(ئامادە نین لەکاتی هەر ڕوبەڕو بونەوەیەکدا دژ بە ئینگلیز بجەنگین)هەروەها بەوەشەوە نەوەستان خۆپیشاندانێکی گەورەیان لەبەردەم کۆشکی (عابدین)دا سازدەکەن و پشتیوانی لە(فاروق پادشا) میسر دەکەن،

لە کۆتای مانگی یۆلیۆی ساڵی (1954)دا کاتێک (جەمال عەبدول ناسر)ڕێکەوتن نامەی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئینگلیزی مۆرکرد،کە لە مێژوی ڕزگاریخوازی میسردا بە گەورەترین سەرکەوتنی بۆ خۆی تۆمارکرد، ئیخوانەکان لەبری ئەوەی خۆشحاڵبن و پەرۆشبن بۆ چوونە دەرەوەی هێزی داگیرکەر لە وڵاتەکەیاندا، بەپێچەوانەوە لەسەر زبانی مورشیدی گشتی( حەسەن ئەلهوزەیبی) لەو سەردەمەدا ناڕەزای لەمەڕ ناوڕۆکی ڕێکەوتن نامەکە دەردەبڕن و (عەبدول ناسر) یش بە کەسێکی سازشکار لەقەڵەم دەدەن،

لەو دەمەدا (ناسر)خاک و گەلی فەلەستینی کردبووە ئامانجی سەرەکی خۆی (سەید قوتب)کتیبی (معالم فی الطریق)دەنوسێ و تییدا نەک هەر دەستەڵاتی میسر،تەواوی کۆمەڵگای جیهان بە جاهیل دەنرخێنێت و تەکفیریان دەکات،(ئەمڕۆ تەواوی دونیا لەجاهیلیەتدا دەژین و دەبێ مۆسڵمانان جیهادیان دژ ڕابگەیەنن)(سەید قوتب)

تا سەرەنجام لە ڕۆژی (26 ئۆکتۆبەری 1954) دا کاتێک (جەمال عەبدول ناسر)لە ناو ئاپۆرەی جەماوەرلە بارەی چوونە دەرەوەی هێزەکانی بەریتانیا وتاری دەخوێندەوە،بە پلانی ڕێبەری ئیخوان (ئەلهوزەیبی)(مەحمود عەبدول لەتیف)ئەندامی سیستەمی تایبەت سەر بە ئیخوان،هەشت گولەی ئاراستەی دەکات بەڵام پێی ناکەوێت،

تیرۆر کردنی سەرۆکی ئیماندار(ئەنوەر ئەلسادات)

(جەمال عەندول ناسر)دەمرێت ئیخوان زیندوو دەبێتەوە هەر بە گەشتن بە دەستەڵات(ئەنوەر ئەلسادات)بە بڕیاریکی سیاسی سەرجەم زیندانیانی ئیخوان بە ڕێبەری گشتییەوە ئازاد دەکات و ڕێگای چالاکی سیاسی بۆ کردنەوە و مەجالی پیدان گۆڤاری (الدەعوە)کە زمان حالیان بوو دەربکەنەوە کە ساڵانیکی زۆر بوو ڕێگری دەکرا لە دەرچونی،ڕێگای دان بۆ یەکەم جار بەشداری لە هەڵبژاردنی (ئەنجومەنی گەل-مجلس الشعب)دا بکەن،لە هەموو دانیشگاو فەرمانگەکاندا دەوامی ڕەسمی بە نوێژ دەست پێبکات و لەکاتی نوێژدا هەموو کارکردنێک لە داموو دەزگاکانی حکومەتدا ڕابگیریت،سەرجەم جەژنە نەتەوەی و نیشتیمانیەکان ئیلغابکرێتەوە، بە بیيانوی جەژنی علمانیەکانن،دەستکاری بەرنامەی خوێندن کرا،موزیک وئاهەنگ گێڕان لە تەواوی دانیشگەکاندا قەدەغەکرا،خواردنی ناو دانیشگاکان دەبوایە لەسەر ئەسای ئیسلامی ئامادە بکرایە،کوڕ و کچ بۆیان نەبوو لە ناو دانیشگادا پێکەوە بگەڕێن، یان گفتوگۆ بکەن،هەرکەس سەرپێچی بکردایە دارکاری دەکرا، کار بەوەشەوە نەوەستا ئاڵوگۆر لە دەستوری وڵاتدا کرا.

مادەی شەشەم بەم جۆرە لێ دەکات(ئیسلام ئاینی دەوڵەتە و زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی و شەریعەتی ئیسلام بنەمای سەرەکی هەموو یاسایەکی وڵاتە)

پێی داگرت لەسەر ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلام تاکە ڕێگایە بۆ جێ بەجێ کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی،ڕێکخستنی خێزان وئەحوالی شخسی بە ئاینەوە دەبەستێتەوە، لەسەر مەسەلی ژن و یەکسان بوونی بە پیاو، دەیگوت،دەبێ ئەم مەسەلەیە بە شەریعەتی ئیسلام پەیڕەو بکرێت،

سەرەڕای ئەم هەموو گۆڕانکارییە بنچینەیە کە لە دەستەڵاتدا کردی پاداشت و وەفای ئیسلامی سیاسی بە تیرۆر کردنی (ئەنوەر ئەلسادات)

کۆتای هات،

ئەویش لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری (1981)دا لە نمایشێکی سەربازیدا تیرۆری دەکەن.

تیرۆر کردنی سەرۆکی ئیمانداری میسر، بەڵگەیەکی زیندووە کە ئیسلامی سیاسی لە مسەری میان ڕەویەوە هەتا ئەوپەڕی تۆندڕەو، کە لەلای خەڵکی خۆیان بە پارێزەر و وەکیلی خودای مەزن دەزانن،لە ڕاسیشدا تەنها لە هەڵپەی گەیشتن بەدەستەڵاتدان،نەک سەرخستنی ئیسلام و خزمەت کردن بە کۆمەڵگا .... 2007/07/27

سەرچاوەکان/ بیری ئسوڵی ئیسلامی سیاسی لە نوسینی بەریز فوئاد مەجید میسری،

ڕۆژنامەی ئەمڕۆ ژمارە 18 بەرواری 1997/8/17 لە نوسینی بەڕێز مەحمود عەلی پێنجوێنی